هەرێمی کوردستـــان - عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتـــی دارایـــی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری
ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون

Kurdistan Region – Iraq
Presidency Council of Ministers
Ministry of Finance & Economy
General Directorate of Accounting

اقليم كوردســتان - العراق
رئاســة مجلس الوزراء
وزارة المالية والاقتصاد
مديرية المحاسبات العامة
م/ الدراسات و الابحاث و المتابعة

ژمارە: ٩/ ٤ / ١٨٠ رێکەوت: / / ٢٧١٧ کوردی رێکەوت: ١٥/ ١/ ٢٠١٨ زایینی

# گشتاندنی دارایی ژمارە ( ٣ )

## بۆ/ گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نە بەستراو بە وەزارەت

## ب/ رووناکردنەوە

بە مەبەستی چۆنیەتی خەرج کردن بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکان لە وەزارەت و دام دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پاڵپشت بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە /١٠١٨ لە ٢٠١٤/٢/١١ و ئاماژە بە گشتاندنمان ژمارە (٤) ی ساڵی /٢٠١٧ و بەپێ ی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بەپێ ی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە /٢٥ بە نووسراویان ژمارە /٦٢٦٤ لە ٢٠١٤/١٠/١٢ ، بڕیاردرا بە جێ بەجێ کردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە لە چوار چێوەی ١/١٢ خەرجییەکانی (فیعلی) ساڵی /٢٠١٧ تاکو پەسەندکردنی بوودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی /٢٠١٨ : -

١- خەرج کردنی پێشینەی بەردەوام (نثرية) ی مانگانەی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم دوای نوێکردنەوەی پێشینە بەردەوامەکانیان لە لایەن وەزارەتمان بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بەڕێوەبەرایەتی خەرجییەکان .

٢- خەرج کردنی کرێ ی ئاو و کارەبا و تەلەفونی نۆرماڵ لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەکان بەپێ ی پسوولەکانی رەسەن و تاکو بتوانرێت لە چوارچێوەی پێشینەی بەردەوامی مانگانە خەرج بکرێت و لە حاڵەتێکدا نەتوانرا لە پێشینەی بەردەوامی مانگانە خەرج بکرێت ، لە لایەن گەنجینەکانەوە خەرج دەکرێت واتا لە سەر بوودجەی فەرمانگەی پەیوەندیدار .

٣- دەکرێت لە چوارچێوەی پێشینەی بەردەوامی مانگانە تاکو بڕی (٦٠٠ ٠٠٠) شەش سەد هەزار دینار خەرج بکرێت بە مەبەستی دابین کردنی کەل و پەلی زۆر پێویست و گرنگ (أثاث و اجهزة).

٤- جگە لە خاڵی (١ و ٢ و ٣) ی سەرەوە هەر خەرجییەکی تر کە داوا دەکرێت لە لایەن وەزارەت و فەرمانگەکانیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت بە رەزامەندی وەزارەتمان / بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بەڕێوەبەرایەتی خەرجییەکان دەبێت .

٢٠١٨/١/١٥ سهام

Hawller/ Beside Sami Abdulrahman Park
Phone: 2560068-2560069-2528254
Email: gd_finance@yahoo.com
هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفۆن: ٢٥٦٠٠٦٨ – ٢٥٦٠٠٦٩ – ٢٥٢٨٢٥٤

٥- پارەی مانگانەی پاككردنەوە و خواردنی نەخۆشخانەكان و خواردنی بەندیەكان و خاوێنكردنەوەی شار و شارۆچكەكان و فڕۆكەخانەكان و كرێ ی ئۆتۆمبێل و خانو و باڵەخانە بە جیا لە پێشینەی بەردەوامی مانگانەی فەرمانگەكان خەرج دەكرێت بە مەرجێك لە كاتی پەسەندكردنی بوودجەی ساڵی /٢٠١٨ و دابەشكردنی ، تەرخانی بۆ دابنرێت لە لایەن وەزارەت و فەرمانگەكانیان لە حكومەتی هەرێمی كوردستان .

٦- ڕاگرتنی سەرجەم پاداشت و هاوكارییەكان جگە لە بەخشینی بەردەستی وەزیرە بەڕێزەكان كە بە نووسراوی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە / ٥٧٤٣ لە ٢٠١٤/٩/١١ و بە نووسراومان ژمارە /٨٠٩١ لە ٢٠١٤/٩/٢٨ گشتاندنی بۆ كراوە .

٧- هەر پڕۆژەیەك كە لە چوار چێوەی بوودجەی ئاسایی جێ بە جێ بكرێت وەكو (خواردن/ پاككردنەوە / خاوێن كردنەوەی شار و شارۆچكەكان / خاوێن كردنەوەی بەشە ناوخۆییەكان كە ژمارەی قوتابیانیان لە (٢٠٠) دوو سەد قوتابی زیاتر .... هتد ) دەبێت ڕەزامەندی وەزارەتمان / بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرگاری هەبێت بە مەبەستی تەرخان كردنی بڕی پارەكان و دواتر پرۆسەی ئاگادار كردنەوە و ئەندەرێنی بۆ ئەنجام درابێت بە پێ ی ڕێنماییە كارپێكراوەكان و بە پێچەوانەوە وەزارەتمان بەرپرسیار نابێت لە خەرج كردنی .

٨- لێژنەی كڕین :-

أ- تاكو بڕی (٢٥٠ ٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار بە بێ لێژنەی كڕین .

ب- لە بڕی (٢٥٠ ٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار زیاتر و تاكو بڕی (١ ٠٠٠ ٠٠٠) تەنها یەك ملیۆن دینار لە ڕێ ی لێژنەی كڕین .

ج- لە بڕی (١ ٠٠٠ ٠٠٠) یەك ملیۆن دینار زیاتر و بۆ بڕی (١٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠) تەنها سەد ملیۆن دینار لە ڕێ لێژنەی كڕین و بە هەبوونی (٣) دەرخستە (عرض) .

د- لە بڕی (١٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠) سەد ملیۆن دینار بەسەرەوە لەڕێ ی كەم گەرییەوە (مناقصة) ئەنجام دەدرێت .

٩- نابێت هیچ خەرج كردنێك لە سەر داهاتە ناوخۆییەكانی وەزارەت و فەرمانگەكانیان بكرێت كە بەپێ ی یاسا داهاتی خۆیان بۆ خۆیانە ، بە مەبەستی سوود وەرگرتن لەو داهاتانە بۆ دابینكردنی سیولەی نەختینەیی (نقدي) جگە لەو حاڵەتانەی كە بەپێ ی فەرمانی بەڕێز سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزارەتمان ڕەزامەندی لە سەری دراوە .

١٠- وەزارەتمان هیچ پابەندبوونێكی یاسایی و كارگێری و دارایی ناكەوێتە ئەستۆی بۆ هەر خەرجییەك كە دەكرێت لە دەرەوەی پێشینەی بەردەوامی مانگانە بێت وەكو (گرێبەست كردن و كڕین و ... هتد) كە ڕەزامەندی پێش وەختەی وەزارەتمانی نیە و وەزارەتمان بەرپرس نابێت لە سەر خەرج كردنی .

١١- پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە /١٠٩٤ لە ٢٠١٤/٢/١٣ ، نابێت بە بێ ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران هیچ فەرمانبەرێك شاند و سەفەری دەرەوەی وڵات بکرێت و وەزارەتمان بە پێچەوانەی سەرەوە هیچ پابەندبوونێکی دارایی ناکەوێتە ئەستۆی و لەهەمان کاتدا ئەو شاندانەی کە بە ڕەزامەندی بەڕێزیان بۆ دەرەوەی وڵات دەکرێت شایستە داراییەکانیان لە چوارچێوەی پێشینەی بەردەوامی مانگانەی فەرمانگە و دام و دەزگاکان خەرج بکرێت بە بێ ڕەزامەندی وەزارەتمان ، بەڵام ئەگەر نەتوانرا لە چوارچێوەی پێشینە مانگانە خەرج بکرێت دەبێت بە ڕەزامەندی وەزارەتمان / بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / خەرجییەکان خەرج بکرێت .

١٢- لە بەر ئەوەی داهات و خەرجی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دیناری عیراقیە بۆیە نرخی دۆلار بە شێوەیەکی گشتی بەرامبەر بە دیناری عیراقی بە بڕی (١٢٠٠) هەزار و دوو سەد دینار بۆ هەر (١) یەك دۆلار هەژمار دەکرێت و هەر گرێبەستێك ئەنجام بدرێت پێویستە بە دیناری عیراقی بدرێت و ئەگەر بە دۆلار ئەنجام درا ئەوا بە (١٢٠٠) هەزار و دووسەد دینار بۆ هەر (١) یەك دۆلار هەژمار بکرێت .

بۆ ئاگاداریتان و کارپێ کردنی لە بەرواری ٢٠١٨/١/١ ەوە ... لەگەڵ ڕێزدا .

ڕێباز محمد حملان

وەزیری دارایی و ئابووری

**وێنەیەك بۆ/**

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- پەرلەمانی کوردستان - عیراق .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان/ ف ـ ك ـ کارگێری و دارایی/بۆ ئاگاداریتان ...لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجوومەنی دادوەری .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی دەسپاکی .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت بەوەکالەت/ بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی ڕاوێژکاران لە دیوانی وەزارەتمان.. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- لقی بانکی ناوەندی هەرێمی کوردستان / هەولێر / سلێمانی/ بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ ب ـ ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی سەر بە وەزارەتمان / بۆ گشتاندنی ... لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەرێم/ هەولێر/ (او٢)ی سلێمانی/ دهۆك/ گەرمیان/ سۆران/ ڕاپەرین/ ئاکرێ/ کۆیە/ زاخۆ/ چەمچەماڵ / ئامێدی / بۆ زانین و کاری پێویست .
- گشت بەڕێوەبەرایەتی و بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان .
- بەڕێوەبەرایەتی / دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون .
- دۆسیەی سوراو .

٢٠١٨/١/١٥ سهام